## چیرۆکی ژیانم

# فریام کەون با نەبم بە داستانێکی خەماوی

**کچێکی گومناو**



زۆرجاران کە بیر لەبەختو چارەنووسی خۆم دەکەمەوە، بە بنبەست دەگەم و هیوام بە ژیان نامێنێو کەڵکەڵەی خۆ کوشتن هزرم دادەپۆشێو بیر لەخۆسووتاندن دەکەمەوە. دواتر هەر خۆم سەرکۆنەی خۆم دەکەم. خۆسووتاندن جگە لەبێئیرادەییو بێ توانییو خۆ رانەگرتن لەبەرانبەر سەختیەکانی رۆژگار، شتێکی دیکە نییە، بۆیە بە ناچارییەوە دەست بەرداری بیرۆکەی خۆ کوشتن دەبمو وازی لێدەهێنم. من وەك مرۆڤێکی بێدەستەڵاتی کۆیلە لەلایەن دایكو باوکمو خزمە نزیکەکانی خۆمەوە لەنێوان مەرگو نائومێدیدا راگیراوم. ئەگەر بەرانبەرەکەم نزیکەکانی خۆم نەبوانایە بێ ئەملاو ئەولا شەڕی مانو نەمانم لەگەڵدا دەکردن، ئەگەر هەستم بە کەم هێزی خۆشم بکردبایە، دەست بە جێ لەنێو ئەواندا خۆم دەتەقاندەوەو ئەوانیشم لەگەڵ خۆما بەرەو گۆڕی نەمان شۆڕدەکردەوە، بەڵام هەرچەندە دەکەم ناتوانم لەبەرانبەر ئەندامانی بنەماڵەکەی خۆما ئەو دژایەتییە بەڕێوەببەمو کەللە ڕەقانە رەفتار بکەم.

خۆزگە دەخوازم کە بەرانبەرەکم دوژمنی خاکوخوێن بوایە، ئەوسا هەر خۆم دەمزانی چیم بەسەر دەهێنان!. من کچێکی ئەم نیشتیمانە بێ یاسایەم، رێگەم نادەن بە ئارەزووی دڵی خۆم هاوسەری ژیانم هەڵبژێرم. باوکمو دایکمو براکانم زۆر سەرسەرختانە دژایەتی ئەندامێکی بنەماڵەکەی خۆیان دەکەنو تاکە خواستێکی پێڕەوانابینن. من تەمەن ١٨ ساڵان بوو کە پەیوەندی خۆشەویستیم لەگەڵ هاوتەمەنێکی خۆم دروست کرد. ئەو کوڕە زۆر بێگەردو نیاز پاکانە منی خۆشدەویستو دڵی خۆی پێشکەش کردبووم. لە پێناوی وەفاداری بۆ ئەو ئەڤینە، هەردووکمان بڕیارماندا بوو کە ناپاکی لەیەکتر نەکەینو ژیانی داهاتوومان بە یەکەوە دروست بکەین. ماوەی (٥) ساڵان زۆر لەخۆ بردووانە درێژەمان بە کاروانی ئەڤیندا، کۆرپەی خۆشەویستیمان پەروەردە کرد، درەختی وەفاداریمان خزمەت کرد بەڵام دوای ئەو تەمەنە، رۆژێکیان بە بێ ئاگاداری خۆم، باوکم منی لەکوڕی ناسیاوێکی خۆی مارەکردبوو، کاتێ لەو هەواڵە گورچکبڕە ئاگادار کرامەوە، زۆر نەمابوو دڵم رابووەستێو مێشکم لەکار بکەوێ. بە هەوڵو کۆششو خۆ ڕاگری خۆمو خۆشەویستەکەم ئەو پلانە بە تاڵ کرایەوە. خۆشەویستەکەم دوای ئەوەی بەڵێنی لەمن وەرگرتەوە، یەکسەر بەرەو ماڵی ئەو کوڕە رۆیشت کە منیان لێ مارەکردبوو. خۆشەویستەکەم هەموو نهێنیەکانی بۆ ئاشکرا کردبوو. لێیخواستبوو کە دوو کەس نا هومێد نەکاتو بەرهەمی رەنجی دوو خۆشەویست بە فیڕۆنەدات. کوڕەکە باوەڕی بە خۆشەویستەکەم نەکردبوو، بۆخۆی هاتە لای منو سەبارەت بەو خۆشەویستییە پرسیاری لێکردم، من زۆر راشکاوانە پێمگوت: راستی ئەمەیە، منو ئەو کەسە زیاتر لە ٥ ساڵە کە یەکترمان خۆشدەوێ، بەیەکەوە پیاسەمان کردووە، نامەی ئەڤینداریمان گۆڕیوەتەوە، پەیمانمان بەیەکتری داوە. ژوانمان لەگەڵ یەکتر گرتووە، ئەگەر تۆ دەست لەمن نەکەیتەوە، واتای ئەوەیە کە تۆ ئامادەی گیان لەدوو کەس بستێنیتەوە. ئەوکاتە تۆ لەمەرگی ئێمەدا بەرپرسیاریو تاوانبار دەبی. دوای ئەو دیدارە کوڕەکە تەڵاقی دامو وازی لەو خوازبێنیە هێنا. منو خۆشەویستەکەم بە جووتە چووینە لایو دیاریمان بۆ بردو زۆریشمان سوپاس لێکرد. ئێمە پێمان وابوو کە ئیدی مەترسییەکانمان کۆتا کردووەو لەداهاتوویەکی نزیکدا ماڵی هاوبەش پێکدەهێنین، بەڵام کاتێ خۆشەویستەکەم خزمەکانی خۆی نارد بۆ خوازبێنی من، دایکمو باوکم وەڵامی نەرێیان پێدانەوە. راشکاوانە پێیان گوتن کە ئامادەنابن کچی خۆیان بە کەسێکی نەناس بدەن. باوکی خۆشەویستەکەم ئەوەی لەتوانای داهەبوو، کردی. چەندین جار هاتەوە لای باوکم. چەندین کەسی ڕەوانەی لای باوکم کرد، هانای بۆ زۆر کەسی ناودار برد، بەڵام باوکم لەقسەی خۆی نەئەهاتە خوارەوە، تا ئێستاش ئامادە نییە قسەی خۆی بگۆڕێتو بەردەوام کەللەڕەقی دەکات. دایکمو براکانم پشتیوانی لەباوکم دەکەن. داوای لێدەکەن کە بە هیچ شێوەیەك کچی خۆی نەدات بە کەسێك کە بە دزیەوە خۆشیویستووە. ئەمە ماوەی (٣) ساڵە لەنێو ئەو گێژاوەدا دەتلێینەوە. منو خۆشەویستەکەم هیچ چارەیەکمان نەماوە یان دەبێ بە دیار خەمەکانی خۆمانەوە دابنیشینو چاوەڕوانی مەرگی باوکم بکەین، یان دەبێ بە دیار مەرگی خۆمانەوە هەڵبکوڕمێین!. لەو ماوەیەدا دەیان رێگەمان تاقیکردۆتەوە. من ئامادەم لەگەڵ خۆشەویستەکەم بەرەو نادیاری سەری خۆم هەڵبگرم، بەڵام خۆشەویستەکەم ئەو ڕێیە رەتدەکاتەوەو بە رێگەیەکی دواکەوتووانەی دادەنێ. ئەو دەزانێ ئەگەر ئەو رێگەیە هەڵبژێرین دەبێ کێشەیەکی گەورە بۆ بنەماڵەکەی بە دوا خۆمانەوە جێبهێڵین. باوکم دەستی دەڕوات، لەوانەیە دوای رۆشتنی ئێمە کارەساتێکی ترسناك بەسەر بنەماڵەی ئەواندابهێنێ. من رۆژ دوای رۆژ هەست بەخەمۆکیو بێهیوای دەکەم، خۆشەویستەکەشم چاوی بەرایی نادات بە دیار ئازارەکانمەوە دابنیشێو خەمەکانی خۆیو من بژمێرێ، بنەماڵەی ئەو گوشاری زۆر بۆ دەهێننو داوای لێدەکەن کە ژیانی هاوسەری لەگەڵ کچێکی دیکە دروست بکات. بەڵام ئەو ئەو داوایانە رەتدەکاتەوە، بۆیە بیری لەسەر هەڵگرتن بۆ هەندەران کردۆتەوە. ئێستا بە نیازە بەرەو ئەوروپا ملی رێگە بگرێتەبەر، من دڵنیام بە رۆیشتنی ئەو هەنگاوەکانی من شکست دەهێنن. من بەڵێنم داوە یان ژیانی هاوسەری لەگەڵ خۆشەویستەکەم دروست دەکەم یان بێمنەتانە بەرەو ماڵی گۆڕ دەڕۆم، تا سەر بە پاکی درێژە بە رێگەی ئەو ئەڤینە دەدەم کە هەشت ساڵ لەمەوبەر نامەیەکیم چاندووە. ئەگەر خۆشەویستەکەم بڕواتو لێم دووربکەوێتەوە من بێهیواتر دەبم، بێ پشتو پەنا دەمێنمەوە. ئێستا لەدووڕیانی هاتونەهاتدا راوەستاوم، یان دەبێ منیش بەدوای خۆشەویستەکەم بەرەو نادیاری سەری خۆم هەڵبگرم کە گومانم لەوەنییە کە بە ئاکام ناگەمو لەو رێگەیە تیادەچم، یان دەبێ تەسلیمی خواستی باوکە دواکەوتووەکەم بم!. من مردنو مەرگم پێ لەتەسلیم بوون باشترو پەسندترە. هەرگیز تەسلیم بە خواستی ئەوان نابمو شوو بە کەسیتر ناکەم. من لەخەیاڵو هزری خۆما جیهانێکی بچکۆلەم نەخشاندووە. ماڵی ئاواتم لەخۆشەویستی داگرتووە. بێجگە لەخۆشەویستەکەم باوەش بەباڵای کەسیتر داناکەم. ئێستا لەدوایین هەنگاوەکانی تەمەنم راوەستام، نازانم تا چەند رۆژ و مانگی تر هەناسەکانم بەردەوام دەبن، بۆیە لەرێگەی رۆژی گەلەوە داوا لەباوکم دەکەم کە فریای کچەکەی خۆی بکەوێتو لەو ئازارو خەمە دەربازی بکات، ئەگینا لەداهاتوودا دەبم بە داستانێکی خەماویو دڵی ئەوی پێ دەسووتێنم.

# خراپەکاری و سواڵکردن لەرێگەی ئینتەرنێتەوە

**فەرمان**

لەهەر بوارو رەوتێکی ژیان بڕوانی، بەرنامەو ساختەکاری جۆراوجۆر دەڕژێنە چاوانتەوە. جیهانی ئینتەرنێت یەکێکە لەوجیهانە قوڵو پڕ واتایانەی کە مرۆڤی سەراسیمە کردووە. زانارییە رەنگاورەنگەکانی لەنێو دەستدا کۆکردۆتەوە، چاوە دوورەکانی لەیەکتر نزیك کردۆتەوە، وای کردووە زۆر بە ئاسانی دەستت بە هەواڵو زانیارییە جۆراوجۆرەکان بگات، بە ئەندێشەو داهێنانی زاناو داهێنەران ئاشنابیت. کەچی لەبەرانبەر ئەمەدا دەستە ناپاكو مرۆڤە گەندەڵو چڵکنەکان هاتوونەتە مەیدان، وا خەریکە ئەم جیهانە دەوڵەمەندو پرواتایە لەکەدار دەکەنو بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی و باندو باندخوازی دەکاری دەهێنن. لەم کورتە نووسینەدا دەمەوێ ئاماژە بە شێوازی ئەو دزیو خراپەکاریو سواڵکردنانە بدەم کە لەرێگەی ئینتەرنێتەوە ئەنجام دەدرێن.

چەندین جار لەرێگەی هەواڵەکانەوە لەو دزیانە ئاگاداربووینەتەوە کە هەندێ کەسی شارەزا لەزانستی کۆمپیتەر کۆدو رەمزی بانكو ماڵی دیتران دەکەنەوەو دزیان لێدەکەن. لەوانەیە جێگەی سەرسوڕمان بێت کە لاوێکی تەمەن ١٦ ساڵان لەرێگەی ئینتەرنێتەوە بتوانێت دزی لەسەدان هەزار کەسی دیکە بکاتو کەسیش هەست بەو دزیە نەکات. دزەکە بۆ ئەوەی کەس پەی بە دزیکردنەکە نەبات، لەهەزاران کۆنتۆوە تەنیا ١ دۆلاری دەرهێنابوو، بۆ کۆنتۆی خۆی رەوانەی کردبوو، بەمەش سەرمایەیەکی کەموێنەی کۆکردبۆوە، دواتر بە رێکەوت لەرێگەی چاودێرێکی بانکەوە ئەو دزیە ئاشکراکرا. بێگومان رۆژانە دەیان دزی لەو شێوەیە دەکرێو کەسیش پێ نازانێت. هەروەها رۆژانە سەدانو هەزاران کۆمپیتەر وەبەر شاڵاوی ڤایرۆس دەکەونو لەکاردەکەون یان زیانیان پێدەکەوێ کە لەلایەن کەسانی دەروون نەخۆش، یاخود کۆمپانیای بەرژەوەندخوازەوە هێرشیان دەکرێتەسەر. سەرباری ئەوەی سەدان ئەنتی ڤایرۆس دروستکراونو بەکاردەهێنرێن کەچی ئەوانەی کۆمپیتەریان هەیە دەبێ دەستیان لەسەر دڵیانەوە بێت نەوەکو لەناکاو لەلایەن نادیارانەوە هێرشیان بکرێتەسەرو زیانیان پێبگەیەنرێ. ئێستا شێوازێکی دیکەی خراپەکاری دنیای ئینتەرنێتی گرتۆتەوە، کەسانێك دەچنە ناو ماڵپەڕی دیترانەوەو تێکیان دەدەنو لەکاریان دەخەن. لەم رۆژانەی رابردوودا خراپەکاری دژ بە چەندین ماڵپەڕی کوردی ئەنجام درابوو. خاوەنی ماڵپەڕەکان دوای ماندووبوونێکی زۆر ئەوسا دەتوانن ماڵپەڕەکانیان دروست بکەنەوەو بە کاریان بخەنەوە. هەروەها لەسەروبەندی ئەو قەیرانو تەنگژەیەی کە بەهۆی چەند کاریکاتۆرێکەوە لەنێوان ئەوروپاو هەندێ وڵاتی ئیسلامیەوە سەریهەڵدابوو، هێرشێکی دژوار کرایە سەر دەیان هەزار ماڵپەڕی وڵاتانی ئەوروپاو و تێکدران. هۆکاری ئەو هێرشکردنانە هەرچی بووبێ، بەمەبەستی خراپەکاریو ئاژاوەنانەوە بەرێکراون. ئەو کەسو لایەنانەی کە ئەو خراپەکاریانە بەرێوەدەبەن، باش دەزانن کە خۆیان هیچ سوودو قازانج ناکەن، تەنیا شەرمەزاریو رووڕەشیان بۆ دەمێنێتەوە، کەچی واز لەخراپەکاری ناهێنن. هێشتا شاڵاوی خراپەکاریو دزیەکانی ئینتەرنێتی کۆتانەکراون، کەچی شێوازێکی دیکە هاتۆتە ئاراوە، ئەویش شێوازی درۆو چەواشەکاریە، کەسانێك هەن دەیانەوێ لەرێگەی وروژاندنی هەستی مرۆڤدۆستانەوە گورزی خۆیان بوەشێننو بە شێوازێکی دیکەوە پارە لەخەڵك بسێنن، ئەویش شێوازی سواڵکردنی ئینتەرنێتییە. ئەوانەی کە پۆستی ئینتەرنێتیان هەیە رۆژانە دەیان نامەی سواڵکردنو پاڕانەوەیان بۆ دێ. ئەوانەی کە نامەکان رەوانە دەکەن بەسەلامو عەلەیکوم دەست پێدەکەنو خۆیان وەك قوربانی بوارێك پێشاندەدەنو داوادەکەن کە لەرێگەی خواو هەستی ئیسلامەتیو مرۆڤدۆستانەوە باروبوویان بکەن. هەندێکی تر واپێشان دەدەن کە پارەیەکی زۆریان هەیەو کەس نیە دەستیان بگرێو بۆیان هەڵسوڕێنێ. هەندێکی دیکە خۆیان بە منداڵو نەوەی سەرکردە ناودارە کۆچکردووەکان دەدەناسین، داوا لەخەڵك دەکەن کە دۆستایەتیان بکەنو بۆ بازرگانیکردنی هاوبەش هاوکاریان بن. ئەو بەندو باڵۆرانە تەنیا بۆ ئەوەیە کە بەرانبەر فریوبدەنو پارەیان لێبماشنەوە. من بۆخۆم بۆ ئەوەی ئەو کەسانە بناسێنم تا ئێستا چەند جار وەڵامی ئەو ئیمایلانەم داوەتەوەو بۆم نووسیون کە ئامادەم هاوکاریتان بکەمو ژمارە تەلەفۆنی خۆشم پێدوان، زۆریان تەلەفۆنیان بۆ کردوومو خۆیان ناساندووە، بەداخەوە ئەوانەی ئەو کارانە دەکەن زۆربەیان خەڵکی ئاسیایی و ئەفریقایینو سۆزی موسڵمانبوون دەقۆزنەوەو لەو پەنایەوە دەیانەوێ گۆڵ لەبەرانبەرە نادیارەکەیان بکەن. شێوازێکی دیکەی فریودان کە لەرێگەی ئینتەرنێتەوە سەرچاوەی گرتووە ئەوەیە کە بەهۆی ئینتەرنێتەوە ناوو ئەدرێسی خەڵك پەیدا دەکەنو نامەیان بۆ دەنێرنو پێیانڕادەگەیەنن کە تۆ بلیتی بەختت بۆ دەرچووە بری دەیان هەزار دۆلارت بردۆتەوە، جا بۆ ئەوەی ئەو پارەیە بگاتە تۆ، دەبێ ژمارەی حسابی بانکی خۆت رەوانە بکەیتو نوێنەرایەتیمان پێ بدەی تاوەکو مەبلەغەکە بخەینە سەر ژمارە حیسابەکەت، بەڵام چونکە مەبلەغەکە زۆرە بۆیە باشتروایە کە وەکالەتمان پێبدەی تاوەکو ١٠٪ ی پارەکەت بخەینە بواری کارکردنەوە. ئەگەر کەسێك شارەزا نەبێو زانیاری لەسەر ئەو کەسو باندانە نەبێ زۆر بە ئاسانی دڵی بەو هەواڵە خۆش دەبێو بێ سێو دوو نوێنەرایەتی و وەکالەتیان بۆ دەکاتو بە پۆست یان بەفاکس بۆیان رەوانە دەکات. ئەو کەسو باندانە ئەگەر وەکالەتیان گەیشتە دەست ئەوکاتە زۆر بە ئاسانی دەچنە ناو ژمارە کۆنتۆی بانكو تەواوی ئەو پارەیەی کە هەیەتی لێیدەدزن. تا ئێستا دەیان کەسی بەرەگەز رۆژهەڵاتی کە لەهەندەران دەژین بەو شێوازە فێڵیان لێکراوەو پارەیان لێبردراوە. مخابن ئەو کەسو باندە دزانە سوود لەدڵپاکیو سادەیی خەڵکی رۆژهەڵاتی وەردەگرنو زۆر بە ئاسانی دزەیان لێدەکەن. لەم رۆژانە ناسیاوێکم نامەیەکی لەو بابەتەی لەکۆمپانیایەکی ئیسپانی بۆ هاتبوو، مژدەیان پێدابوو کە بری ٩١٥٠٠٠ یۆرۆی بۆ دەرچووە، کابرا لەخۆشیانا بێ ئەملاوئەولا چووبووە بانكو وەکالەتی بۆ کردبوونو ژمارەی کۆنتۆی خۆی بۆ رەوانەکردبوون. کابرا چاوەڕوان بوو کە نزیکەی ٨٠٠٠٠٠ هەشت سەد هەزار دۆلار بێتە سەر حیسابەکەی و سەدوپانزە هەزار دۆلاریشی بۆ بخرێتە بواری کارکردنەوە، بەڵام ئەو دزانە لەماوەی یەك رۆژدا ئەو چەند سەد یۆرۆیەی کە سۆسیال بۆ بژێوی مانگانەی خێزانەکەی بۆی رەوانە کردبوو، لەرێگەی ئینتەرنێتەوە دەریان هێنابوو. لەوانەیە ئەمە نموونەیەکی بچووکی ئەو دزیانە پێشان بداتو کە لەرێگەی ئینتەرنێتەوە ئەنجام دەدرێنو کڵاو دەخرێتە سەرکەسانی نەشارەزاو دڵپاکەوە. لەلایەکی دیکەوە خەریکە جیهانی پاكو پێشکەوتووی ئینتەرنێت بکرێتە قوربانی بەرژەوەند خوازی کۆمپانیا گەورەکانەوە. ئێستا هەندێ حکومەت سەوداو مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت دەکەنو بۆندەی گەورەیان لەگەڵ دەبەستن، ئەو حکومەتانە پارە بەو کۆمپانیایانە دەدەن یاخود ریکلامیان بۆ دەکەنو لەرێگەی ئەوانەوە بەرهەمەکانی خۆیان پێشان دەدەن، ئەوانیش دەبێ بە فلتەر بخەنە سەر ئەو هەواڵانەی کە دژ بە حکومەتانە دەنووسرێنو بڵاودەکرێنەوە. لەوانەیە ئەمە سەرەتای بەدناوکردنو ریسواکردنی جیهانی ئینتەرنێتی لێ وەبەرهەمبێت.

## دەروون

# پەروەردە لەنێوان رەفتاری چاك وخراپدا

*دنیا*

گومانی تێدانییە کە رۆشنبیری بە شێوە گشتییەکەی رۆڵی گرنگی هەیە لەدیارکردنی هەڵسوکەوتو رەفتاری ئادەمیزاد لەناو کۆمەڵگەدا، ئەو رۆشنبیرییەیە کە مرۆڤ ئەخاتە سەرسکەی تێکۆشان لەپێناوی دەسکەوتو بەرژەوەندیەکانیو فێری ئەکات کێی خۆشبوێتو رقی لەکێ بێت. جۆری ئەو سکەیەش پەیوەستە بەجۆری رۆشنبیریو پەروەردە کردنەکەیەوە.

لەدنیایەکی جەنجاڵی وەك ئەمڕۆدا زۆربەی مرۆڤەکان تووشی تێکرامانو سەر لێشێوان بوونە لەسەر چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان، لەلایەك لەژێر کاریگەری فێڵو تەڵەکە بازیو زەبروزەنگو شەرانگێزیەکانی بەشێك لەکۆمەڵگاکەی دایەو لەلایەکی تر دنیایەکی پڕ لەزانستو نەرمو نیانی کە جوانترین شێوەکانی ستاتیکا ئەبەخشێ بە ژیان بەرەو رووی دێت،... تیاماوە منداڵەکانی فێری ئەو فێڵو ئاژاوانە بکات تا نەبنە ژێر چەپۆکی خەڵکی دیکە، یان ئاراستەیان بکات بەرەو چاکەو نەرمو نیانی فێری یارمەتیدانی خەڵکیان بکات، دوور لەشەڕو ئاژاوە کە بەو شێوەیە کەسایەتیەکی ملکەچو بە سۆزی لێدەرئەچێت.

ئەم تێرامانە لەکۆمەڵگای رۆژهەڵاتی ناوەراستدا ئاساییە زۆربەی خەڵکی تیایدا دوودڵو ڕاڕان وەك ئەوەی بڵێین کە لەدنیاو ئەستێرەیەکی دیکەوە دەردەکە هاتبێو چارەسەری نەبێت، لەکاتێکا دەردەکەو دەرمانەکە — پێکەوە لای مرۆڤەکە خۆیدایە.. ئاراستەکردنی منداڵ لەسەر سلوکی شەڕانگێزی بەردەوامی ئەدا بە هەمان ئەو رەوتەی کە کۆمەڵگە لەسەری رۆیشتووەو ئەمو ملیۆنانی وەکو ئەمی پەروەردە کرد، لەکۆتایشدا ئەبێ بە ئاگرێكو خۆی پێ ئەسووتێنێ.. ئەوەی ئەیەوێت کۆمەڵگایەکی دروستو ئارام بنیات بنێ پێویستە لەناخی منداڵەکاندا تۆوی خۆشەویستی بچێنێ، فێری رێزگرتنیان بکات لەشتەجوانەکانو خەڵکە رەفتار جوانو سوود بەخشەکانی کۆمەڵگا، فێری رەخنەی زانستیو بنیادنەرانەشیان بکات لەکارە دزێوو ناشیرینەکان وەکو چۆن مرۆڤ چارەسەری خۆیو کەسێتی خۆی ئەکات ئەبێ هەمان چارەسەر بۆ کۆمەڵگاکەشی بدۆزێتەوە چونکە کەسێتی کۆمەڵگا پێکهاتووە لەکەسێتی تاکەکانی... مرۆڤی ئەم زەمانەش پێویستیەکی یەکجار زۆری هەیە بە تەندروستی بایلۆجیو سایکۆلۆجیو لەهەموو زەمانێك زیاتر، چ بە هۆی پیسی ژینگەوەبێت یان بەهۆی گرانی پەیداکردنی پێویستیەکانی ژیانەوەبێت، وای لێهاتووە خەریکە توانای نەمێنێو بەرگەی ئەو هەموو شۆڕشە دەروونیو ژاوەژاوانە بگرێ بۆیە هەمیشە لەسەر دووڕیانی پەروەردەی راستو سەقەت تێراماوە.